# وێنەی دۆزەخ لە ( کۆمیدیا ) ی دانتی و (ئەڤین ئاوی ژیانە) ی مەهاباد قەرەداغیدا

**پەروین عەبدوڵا خدر**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەدین_هەولێر، هەرێمی کوردستان. عێراق

**پوختە**

پوختەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خستنە ڕووی وێنەی دۆزەخە لە (کۆمیدیا ) ی دانتی و (ئەڤین ئاوی ژیانە ) ی مەهاباد قەرەداغییدا . لەم توێژینەوەیەدا شیکردنەوەوە بۆ شیعرەکانی هەر دوو نووسەر کراوە ، پاشان وێنەی دۆزەخ لای هەر دوو نووسەر خراوەتە ڕوو، بە ئاشکرا درکی پێدەکرێت . پێش ئەوەی باس لەم دوو دەقە بکەین لەڕوانگەی مێژووییەوە باوەڕ بوون بە پاداشت و سزا دەخەینە ڕوو ، لە شارستانییەتە کۆنەکان هەر وەك شارستانییەتی ( سومەریەکان ، میسریە کۆنەکان وهیندییەکان ....) بیروباوەڕیان دەربارەی دۆزەخ دیاریدەکرێت ، جگە لە شارستانییتە کۆنەکاندا باوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی بە تایبەتی دۆزەخ لە ئایینە ئاسمانییەکان و نائاسمانییەکانیش دەخەینەڕوو .

وێنەی دۆزەخ لە هزرو بیری هەردوو نووسەر گەڵالە بووە ة هەردوو نووسەر شوێنی لە دایکبوونیاندا دۆزەخ ئاسا دەخەنەڕوو . لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین وێنەی دۆزەخ لە(کۆمیدیا ) ی دانتی و (ئەڤین ئاوی ژیانە) ی مەهاباد قەرەداغیدا روونبکەینەوە . ئەو وێنە جوانە لە ئەنجامی بەستنەوەیی خۆشەویستی تاکە بۆ خاك و نیشتمان درووست بووە ، بەڵام لای هەموو تاکەکان وێنەی دۆزەخ ، وێنەیەکی ترسناك و نەویستراوە چۆن شاعیر یان نووسەر بۆ نیشتمانی خواستووە . ئەم دوو وێنەیە چۆن لەناو دەقێکدا کۆکراونەتەوە . لە هەردوو دەقدا وێنەی دۆزەخ بەکێشەی نەتەوەیی بەستراوەتەوە . ئەوسەرچاوانەی لەم توێژینەوەیە پشتی پێی بەستراوە لەکۆتاییدا خراوەنەتە ڕوو .

**وشەسەرەکییەکان :** دۆزەخ ، دانتی ، مەهاباد قەرداغی ، کۆمیدیا ، پاداشت وسزا .

## ١. پێشەکی

لە ڕووی مێژوویەوە باوەڕ بوون بە ژیانی دوای مردن یان بیرو باوەڕی لێ پرسینەوە ، بیرو بۆچوونێکی کۆنە پێش سێ ئایینە ئاسمانییەکاندا هەبووە . دەتوانین بڵێین لە شارستانییەتە کۆنەکانیشدا ئەم بیر و بۆچوونانە هەر هەبوونە باوەڕیان بە ژیان دوای مردن و سزا و پاداشتیش هەبووە . کردەوە چاکەکان بە بەهەشت پاداشت دەدرێنەوە ، بە پێچەوانەشەوە کردەوە خراپەکانیش بە سزا ی ئاگر سزا دەدرێنەوە . لەئەدەبی جیهانی و هەموو نەتەوەکانی دی وێنەی دۆزەخ لای شاعیران بەرچاو دەکەوێت . میللەتی کوردیش یەکێکە لەو میللەتانەی کە بەزەقی وێنەی دۆزەخ لە بەرهەمەکانییاندا ڕەنگیداوەتەوە .

ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی (وێنەی دۆزەخ لە( کۆمیدیای ) دانتی و (ئەڤین ئاوی ژیانە )ی مەهاباد قەرداغی) دایە. هەوڵ دەدەین وێنەی دۆزەخ لای هەردوو نوسەر بخەینە ڕوو .

بەشی یەکەم لە ژێر ناونیشانی ( وێنەی دۆزەخ لەشارستانییەتە کۆنەکان و ئایینە ئاسمانییەکاندا ) دایە . لەم بەشەدا بەپێ شارستانییەتە کۆنەکان وئایینە ئاسمانی ونائاسمانی باس لە دۆزەخ دەکەین .

لەبەشی دوەمیش لە ژێر ناونیشانی ( دەستپێکێک بۆ (کۆمیدیا ) ی دانتی و (ئەڤین ئاوی ژیانە) ی مەهاباد قەرەداغیدا) دایە . لەم بەشەدا وێنەی دۆزەخ لای هەردوو نووسەر دەخەینە ڕوو . بابەتەکە بەنموونەی شیعری دەوڵەمەند دەکەین و نموونەکان شیکردنەوەی بۆ کراوە .

**گرفتی توێژینەوەکە :** لەم توێژینەوەیەدا ئەوەی گرنگە بخەینە ڕوو ، کۆمەڵێك گیروگرفتی زاراوەییە کە لە توێژینەوە کوردییەکاندا دەبێتە بەربەست و گرفت لەبەردەم توێژەرو خوێنەر دروست دەکەن .ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هەر نووسەرێك

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٧، ژمارە ١ (٢٠٢٤)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١٠ تشرینی ئەوەڵ ٢٠٢٣؛ پەسەندکردن: ٥ی تشرینی دووەم ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٨ حوزەیران ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: barween.khudhur@su.edu.krd
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٤ **پەروین عەبدوڵا خدر**، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.٠

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp28-36

زاراوەیەك بەکاردەهێنێت ، لە کاتی وەرگێرانی ئەم زاراوانەش لەزمانە جیاوازەکاندا بۆسەر زمانی کوردی ئاستەنگەکان پترتردەبن.

کارکردن لەسەر وێنەی دۆزەخ  لەناو دەقی ئەدەبی کارێکی ئاسان نییە، بەڵام هەر بیرۆکەیەك خۆی خزاندە نێو دەقی ئەدەبی کێشەیەکیش دەهێنێتە نێو ڕەخنەیەوە، ئەویش بابەتی دیاریکردنی وێنەی دۆزەخە. ئایا ئەم وێنەیە توانیویتی لەناو کۆمەڵگایەکی ئیسلامیدا شوێنی ببێتەوە ؟ ئایا لێکچواندنی بیرۆکەیەکی سیاسی و ئایینی چۆن بەیەکەوە گرێ دەدرێت. گرفتی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەوە دەبینێتەوە.

-**سنوور و  کەرەستەی توێژینەوەکە** : سنووری ئەم توێژینەوە لەڕووی بابەت و مێژووەوە، کار لەسەر دوو سەرچاوە دەکات . ئەویش شاکارە بەناوبانگەکەی (کۆمیدیای  یەزدان )ی دانتی و  (ئەڤین ئاوی ژیانە) ی مەهاباد قەرەداغییە

**گرنگی توێژینەوەکە :** ئەم توێژینەوەیە لەڕوانینێکی زانستیانەوە وێنەی دۆزەخە لەنێو دوو ئایین و دووکلتوری جیاواز دەخاتە ڕوو .

**هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە :**  تا وەکو ئێستا کار لە سەر وێنەی دۆزەخ  لە ئەدەبی کوردیدا نەکراوە  .

**ئامانجی توێژینەوەکە :** ئامانجی توێژینەوەکە خۆی لەچەند خاڵێك کۆدەکرێتەوە  .

١- خستنە ڕووی وێنەی دۆزەخە لەدوو ئایینی جیاوازدا .

٢- دەستنیشانکردنی لایەنی لێکچواندنی وێنەی دۆزەخە لای ئەم دوو نووسەرەی کە ناومان هێناون .

**ڕێبازی توێژینەوەکە :**  لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی ( مێژوویی  – شیکاری) مان بەجێگەیاندووە ، لەگەڵ ئەمەشدا تاڕادەیێك ڕێبازی شیکارییەکی پێوەریمان پەیڕەو کردووە.  ئەم توێژینەوەیە بەشێکی پەیوەستە بە ئایین و شارستانیتەکان ، بەشەکەی ترەوە پەیوەندی بەلایەنی ئەدەبییەوە هەیە .

(١-١) : وێنەی دۆزەخ لەشارستانییەتە کۆنەکان و ئایینە ئاسمانییەکاندا :-

بیرۆکەی دۆزەخ و ژیانی دوای مردن و لێپرسینەوە، بیروباوەڕێکی کۆنە ، بەڵام زیاتر بەئایین پەیوەستکراوە، کەئەمەش بەبنەمای سەرەکی ئایین دادەنرێت، زۆربەی ئایینەکان ئاسمانی و نائاسمانی کارلەسەربوونی (پاداشت وسزا) دەکەن.  وشەی دۆزەخ (( بەزۆری لەبواری ئاینی بەکاردێت ، ئاماژەیەکە بۆ ئازارو سزای دەروونی کاتێك مرۆڤەکان کردەوەی نادروست وخراپ ئەنجامدەدەن . لەزۆربەی ئایینەکاندا دۆزەخ بوونی هەیە ،بەڵام لەسەرەتادا باوەڕیان وابوو دۆزەخ شوێنێکی زۆر ساردە، بەڵام ئەم باوەڕە گۆڕانکاری بەسەرداهات هەم لەشارستانییەتە کۆنەکان وهەم لای سێ ئایینە یەکتاپەرستە)) (Rbbertk,1995,348)  .

غەریزەی ترس هەردەم بیروهۆش و دەروونی مرۆڤی داگیرکردووە وهانی مرۆڤەکان دەدات، کە لەسەر کردەوە باشەکان بەردەوام بن،ئەمەش نەك هەر لەئاین، بەڵکو لەهەموو بوارەکانی ژیاندا بوونی هەیە.سزا لەهەموو کار و کردەوەیەکدا وە لەهەموو بوارەکانی ژیاندا بوونی هەیە  .

دەربارەی  وێنەی دۆزەخ هەریەك لەشارستانییەتەکان و ئایینە ئاسمانییەکان و نائاسمانیەکاندا دیدو بۆچوونی جیاوازیان هەیە . هەریەکەیان بەپێی دید و هزری جیاواز دەیانخەینەڕوو ، بەپێی ئەو ئایین و بیرو باوەڕەی ،کەمرۆڤەکان  باوەڕیان پێی هەیە .

هەموو ئایینێك ئارگیۆمێنتی خۆی هەیە ، لەگەڵ ئاینێکی دی جیاوازە . هەڵبژاردنی ئاینیش  زۆربەی کات بەمیرات بۆ مرۆڤەکان دەمینێتەوە.

١- سۆمەریەکان لە پێش شارستانییەتەکانی تر باسی ژیانی دوای مردنیان کردووە ، باوەڕیان بەلێپرسینەوە وپاداشت و سزا هەبووە ،کە مرۆڤە باشەکان بە بەهەشت پاداشت دەدرێنەوە، خراپەکارانیش بەدۆزەخ  سزا دەدرێن . کۆنترین دەق دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئەو گفتوگۆیەیی کە لەنێوان گلگامێش وئەنکیدۆ دا هەیە. بە بۆچوونی سۆمەریەکان (بەهەشت و دۆزەخ ) (( بەقۆناغی گواستنەوە (ئینتقالی) دادەنرێت ، کە تیایدا خراپەکاران یان بێ باوەڕان لەگوناهەکانیان پاکدەبنەوە ، پاشان دەچنە جەستەیەکی نوێ بۆ لای خودای گەورە دەگەڕێتەوە)) (بنوا ،١٩٩٦، ٢٦ ) . لە پشماوەی دەقە مسماریە کۆنەکاندا کاتێك باس لەزیندووبوونەوەی ڕۆژی دواییدەکرێت ((کاتێك مرۆڤەکان پاکدەبنەوە بۆجاری دووەم زیندوو دەبنەوە وەکو تارماییەك (اشباح) دەچێتە جەستەیەکی دیکە)) (مبیض ،١٩٩٢، ٤٦) .  لەئایینی یارسانیشدا ئەم بیروباوەڕە بوونی هەیە (( ئایینی یارسان خۆی بەکۆنترین ئایین دەژمێرێ ،لەو ڕۆژەی کردگار خۆی لە ئادەم یا کیومەرس دا نوواند ئەم ئایینە لەناوەوەیە ،بەڵام هیچ نەبێ لەدەوری پاش بڵاوبوونەوەی ئیسلام  بەشێوەی ڕیبازی سۆفیزم خۆی پیشان دەدا ، بەتایبەتی کەعەلی کوڕی تالیب یەکەمین  خودای یارسانی دەوری ئیسلامە وگیانی کردگارچۆتە لەشیەوە . بنچینەی لەسەر دۆنادۆن (تناسخ الارواح والتقمص و الحلول )  دامەزراوە  )) ( خەزنەدار ، ٢٠٠١ ، ١٩٣) .

٢- سەبارەت بەمیسرییە کۆنەکانیش نووسراوەکانی سەردیواری پەرستگاکان و هەرەمەکان ئەوە پشت ڕاستدەکەنەوە ، پێیانوایە  کە مردووەکانیان نیشتەجێیەکی کاتین وگیان نەمرە و نامرێت )) (مبیض ،١٩٩٢ ،٣٠) . لای ئەوانیش (پاداشت وسزا) هەیە ، بە پێی کاروکردەوەکانیانەوە ئەنجامەکەی بەدەردەکەوێت ، کرداری چاك پاداشت دەدرێتەوە .  بەپێی بیرو بۆچوونی میسرییە کۆنەکان دوو رووبار هەیە . ڕووباری ئاوی (شین وسوور) ئاوی شین ئەوانەن کە بەهەشتین ، ئاوە سوورەکەش شوێنی خراپەکارانە ، ئەم رووبارەی کە ئاوەکەی سوورە بەدیوارێکی ئەستوور دەور دراوە وهیچ دەروازەیەکی تێدانییە، بەڵام بۆچوونی میسریەکان بە بەراورد بە دانیشتوانی میزۆپۆتامیا  ڕوونترە  و باوەڕیان وایە کە (( مرۆڤەکان دەمرن یان بۆ بەهەشت دەچن یان تا هەتایی لەدۆزەخ دەمێننەوە بەپێیکردەوەکانیان سزاو پاداشت وەردەگرن )) ( بوجناح ،٢٠٢١،؟ ).  مانەوە لەدۆزەخ پەیوەستە بەوکاروکردەوانەی کەمرۆڤەکان لەژیاندا ئەنجامییان داوە.

٣- سەبارەت بەهیندۆسەکانئەوا بیرو باوەڕیان لەگەڵ سۆمەریەکان زۆر لەیەکتری نزیکن ، باوەڕیان وایە پاداشتی ژیانی دونیا لەژیانی داهاتوودایە ، ئەگەر(( مرۆڤ جەستەی مرد لەناو ناچێت ڕوحی لەجەستەیەکی تردا دەتوێتەوە بەپێی ئەو کاروکردەوەی کە لەژیاندا کردوویەتی ، ڕوحیش سەرلەنوێیوە لەوێوە دەست پێدەکاتەوە )) (بارندر ، ١٩٩٣، ١٢٥) .

٤-  لای شارستانییەتی یۆنانی و ڕۆمانییەکان  سزای دۆزەخ  ڕەتدەکرێتەوە و سزای خوداوەندەکان لەسەر کارو کردەوەکانیاندا  بەشتێکی بێ مانا دەزانن ، بە بۆچوونی ئەوان دونیای خوداوەندەکان جیهانێکی نامۆیە و  دوورە لە جیهانی مرۆڤەکان ، ئەگەر دۆزەخ بوونی هەبێت ئەوا لەسەر زەویدا هەیە .

٥- لای زەردەشتییەکانیش وێنەی دۆزەخ هەیە ، بەڵام بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی تر، مرۆڤەکان بەئاگر سزا نادرێن ((ئاگر هێمای ڕوناکی ویاسای دنیاییە )) (بارندر ، ١٩٩٣ ، ٩١ ).    زەردەشتییەکان باوەڕیان وایە توخمەکانی ژیان وەك (ئاو ، ئاگر

، هەوا وخۆڵ )پیرۆزن مرۆڤی پێ سزانادرێت ، ڕووبەڕووی ئەو بیرۆکەیە دەبنەوە کە بەیەکێك لەو توخمانەش مرۆڤ پێ سزابدرێت ، چونکە لاشەی مرۆڤ لەگەڵ ئەو توخمانە شێ نابێتەوە و تێکەڵ بەیەکتر نابن

لەڕوانگەی زەردەشتەوە (( ڕۆحی مرۆڤەکان لەدوای مردن بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەدەوروپشتی مردوەکەدا دەمێنتەوە ،بەپێی کردارەکانیان شادمان دەبێت یان سزادەدرێت )) (ئابادانی ،٢٠٠٢ . ١٦٨ ) . زەردەشتییەکانیش باوەڕیان بە لێپرسینەوە ی ڕۆژی دوایی هەیە . وێنەی دۆزەخ لای زەردەشتییەکان شوێنێکە پڕلە لەئاژەڵی کێویی کە سزای تاوانبارانی پێدەدرێت لەفەرگردی هەژدەمدا هاتووە : (( لەناو دۆزەخدا سەرما با یەکی وشك و بۆگەنی هەیە. دۆزەخ قووڵە، چەندین بیری ترسناکی تێدایە، چەندین جۆرە گیانلەبەری تێدایە، ڕۆحی بەدکاران لەت و پەت دەکەن)) (ئابادانی ،٢٠٠٢ . ١٦٩) . کرداری چاك وکرداری خراپە بۆ دوو هێز دەگەڕێتەوە . بیروباوەڕە بنەمای ئایینی زەردەشت لەسەر کردەوەی چاك وخراب بنیانراوە (( ئەهورامزدە و ئەهریمەن بەڵگە و نیشانەو دروشمی ئەو هێزەن . ڕۆژ نرخێکی گرانی هەیە لەلایان ، بەجەوهەری هەموو شتێکی بوون ( کون ، وجود) ی دادەنێن )) (خەزنەدار ،٢٠٠١، ٤٧) .

مرۆڤەکان کاتێك دەمرن بەپێی بیروبۆچوونی خۆیان لەژێر چاودێری پیاوانی ئایینیدا ڕێو ڕەسمی تایبەتیان بۆ مردووەکان ئەنجام دەدرێت ، لەشوێنێکی تایبەت دادەنرێن تاکو ئەو ئاژەڵە کێوییەکان بیانخۆن ، بەڵام (( دەربارەی لێپرسینەوە هەمان بۆچوونی موسوڵمانانییان هەیە )) (بغدادی ، ١٩٩٧ ، ٢٦) . لەڕۆژی دوایدا مرۆڤەکان لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت و پاداشت وسزای خۆیان وەردەگرنەوە.

## ٢. وێنەی دۆزەخ لەتێڕوانینی ئایینە ئاسمانییەکاندا :

**١. لەتەوراتدا :** لەئایینی جوولەکەدا مردن بە کۆتایی مرۆڤ نازانرێت. وێنەی دۆزەخ لە بیروباوەریاندا هەیە ، بەڵام وێنەیەکی تایبەت بە خودی ئایینی خۆیانەوە ، پێیانوایە دۆزەخ بە دەرگایەکی تۆکمە داخراوە، مردووەکانیش لەشوێنی خۆیاندا کپن وهیچ هەست و جووڵەیەکیان نییە ، هیوایان بەڕۆژیی دوایی و زیندوو بوونەوە نییە. ئایینی جوولەکە بەدنیای مەتریالییەوە بەستراوەتەوە بۆیە باوەڕیان بەزیندوو بوونەوە نییە ،پێیان وایە دۆزەخ لەسەر زەوی بوونی هەیە ، (( لەتەوراتدا باوەڕ بوون بەڕۆژی دوایی ڕانەگەێنراوە ، بۆیە باوەڕبوون بەڕۆژی دوایی نەبوویتە یەکێك لەئەرکەکانی ئیمانیان ، بۆیە لەتەورات باس نەکراوە )) (زیدان ، دس ، ٢٢٦) . خوای باڵا دەست لەسەر زەوی سزای تاوانباران دەدات ، لەسەرەتادا سزاکان بەکۆمەڵ بوون ،پاشان گۆڕا بۆ تاك ، بەڵام سزاکان هەر لەسەر زەوی مایەوە ، بەپێی یاسایی چاو بەچاو ، تا سەردەمێکی درەنگ بۆچوونی ئاگر لای جوولەکەکان بوونی نەبوو .

**٢. لەئینجیلدا :** لە ئینجیلدا دۆزەخ بە دەگمەن باســـکراوە ، چونکە وەکو بابەتێکی لاوەکی سەیر دەکرا. (( دۆزەخی ئینجیل تا ڕادەیەك هەمیشە جەهەنمە ( ehenne) کە شـــوێنی هەســـتپێکراوە . دۆڵی گریان یان Gi –Hinnom شـــوێنە نەفرەتلێکراوەکە)) (مینۆس ، ٢٠١٤ ،٧٤) . وێنەی دۆزەخ وێنەیەکی بەرجەستەیە پێدەوترێت ( دۆلی گریان ) یان ( دۆڵی بێ باوەڕان ) بەمانای جیهانی ژێرزەوی دێت .

**٣. لەئایینی ئیســـلامـدا:** باوەڕ بوون بەڕۆژیی دوایی و بەهەشـــت ودۆزەخ یەکێکە لەبنەماکانی باوەڕ بوون بەئایینی ئیســـلام . وێنەی دۆزەخ لە ئایینی ئیســـلامـدا وانیشاندراوە کە حەوت دەروازەی هەیە ، حەوت نهۆمیشە ، هەرنهۆمێك زیاتر بچێتە خوارەوە ئازاری زیاترە . لەقورئانی پیرۆزیش ناوی دۆزەخ لە (٢٣) شـــوێن هاتووە بۆیەکەمجار لەســـورەتی البقرة کۆتاجاریشـــس لەســـورەتی التکاثر. ناوی دۆزەخیش (( لەکاری ( احجم ، احجمه ، ضایقة و احرقة)هاتووە واتا ئاگرێکی زۆر بەهێز )) (سیدة ، ٢٠٠٠، ٩٦ ) . دۆزەخ بەچەنـد ناوی جیـاواز لە قورئـانی پیرۆزدا هـاتووە (((الســـعیر)بەواتای شـــوێنی گەرم (الزمهریر) بەواتای شـــوێنی زۆر ســـارد)) (Rbbertk,1995,348)). لەقورئـانی پیرۆزدا گەڵێـك ناویتری بۆ بەکارهـاتووە، هەریەکێکیـان واتای تایبەت بەخۆیان هەیە ، کە ئـامـاژەن بۆ دۆزەخ لەوانە :- (( الحطمه ، النار ، الجحیم ، السعیر، لظی ، سقر ، الهاویة ،النار الکبیر و جهنم ) ) (شارستانی ، ٢٠٢١ ، ١٠) . خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموویێت : (( یَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْـــلِمُونَ )) **(ال عمران ، ١٠٢)** . لەســـورەتی الاحزاب خوای گەورە دەفەرموویێت ((يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلا سَدِيدًا يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَن يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا )) (الاحزاب ، ٧٠-٧١) .

خوای گەورە دۆزەخ و بەهەشتی بنیادناوە بۆ مژدەدەران وئەوانەی باوەڕیان بە بوونی ئایینوخواپەرســـتی وکردەوەی چاکە هەیە ، بەپێچەوانەشـــەوە دۆزەخ بۆ بێ باوەڕان وئەوانەی کردەوەی خراپ ئەنجامدەدەن. خوای گەورە دەفەرموویێت (( واذا الجحیم ســـعرت )) (التکویر ،١٢) .جگە لەقورئـانی پیرۆز دا لەفەرمووده دروســـت ونادروستەکانیش ناوی بەهەشت ودۆزەخ هاتووە . ئەبو سولیمان ئەلدارانی دەڵێت : (( اصـــل کل خیر فی الدنیا والاخرة الخوف من اللة وعز وجل و کل قلب لیس فیة خوف اللة تعـالی فهو قلـب حزب )) ( البغـدادی الدمشـــقی ، ١٩٨٨ ، ٩) . سەرچاوەی هەموو چاکەو وخێری دونیا و قیامەت ترسانە لەخودای باڵا دەست، بەندەکانی ی لە ترسی ئاگری دۆزەخدا لەکردەوەی جاك بەردەوام بن .

## ٢-١. دەستپێکێک بۆ (کۆمیدیا ) ی دانتی و (ئەڤین ئاوی ژیانە) ی مەهاباد قەرەداغیدا :

کۆمیدیای یەزدانی ( دانتی ) یەکێک لە شاکارە هەرە دیار و بەناوبانگەکانی ئەدەبی جیهانی دادەنرێت .ئەم بەرهەمە ڕەگێکی نوێی شیعری داستانی ناساند لەگەڵ ئەوەشدا دەقەکەی دانتی ڕەگێکی خەیاڵاوی هەبووە لەگەڵ واقیعدا تێکەڵاوی کردووە، بیرۆکەکەی لە دونیای واقیعی گواستۆتەوە بۆ دونیای ئەودیو. کتێبەکەی دانتی دابەشکراوە بەسەر سێ بەشدا ( بەهەشت ، بەرزەخ و دۆزەخ ) . لای دانتی کۆمەڵی هۆکار هەن کە بنەمای دەقەکەی تێدا سەرچاوەی گرتووە. شارستاییەتی ڕۆژهەڵات سەردەمانێك بەتایبەتی ئاینی ئیسلام هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی تەنی بووەوە . زۆرئاساییە کە دانتی ئاگاداری چیرۆکی ئیسراو معراج بووبێت و کاریگەری ئیسراو معراج بەسەردەقەکەیەوە دیاربێت ،ناوی چەندین سەرچاوەی تریش دێت هەروەك (رساله الغفران)ی ئەبوعەلا ئەلمەعری و (الفتوحات المکیه) ی ئیبن ئەلعەرەبی ، ئێمە لەم لێکوڵینەوەدا جەخت تەنیا لە وێنەی دۆزەخ لای دانتی لە(کۆمیدیا)دا لەگەڵ (ئەڤین ئاوی ژیانە)ی مەهاباد قەرەداغی دەکەینەوە .

دانتی ئەلیگیێری (لە مایسی ١٢٦٥ ز لە فلۆرەنسا لە دایک بووە ، دانتی لە١٣ یان ١٤ی ئەیلولی ١٣٢١دا ، لە ڕاڤینا کۆچی دوایی کرد)) (گەردی ،٢٠١٥ ، ١١ - ١٣) سەردەمی ژیان لە لێکوڵینەوەیەکی وا دا پێویستە تابە کاکلی بابەتەکە بگەین . (( لەساڵی ١٣٠٠ز دەستی بەنووسینی ئەم بەرهەمە کردووە ، بەشێوەزاری تۆسکانی

، كە شێوەزارێكی ئیتالیابوو ، گرنگیی زۆری بە شێوەزارەكەی داوە، تاكو ئەم شێوە زارە ببێتە زمانی فەرمی ئیتالیا . ئەوسەردەمە ئەم داستانە بە نوێترین و مۆدێرنترین داستان دادەنرێت ، چونكە لەسەر زمانی كەسی یەكەمی تاک (من – م ) نووسراوەتەوە ، دانتی خۆی بەرهەمەكەی ناوناوە ( كۆمیدیا )، بەڵام پاش خۆی بۆكاشیۆ نازناوی( یەزدانی )بۆ زیادكردووە لەسەردەمی دانتیدا هەر بەرهەمێكی ئەدەبی بەشێوەیەكی ناخۆش و جەرگبڕدەست پێبكات و بە ناخۆشی كۆتایی پێی بێت بە (كۆمیدیا ) ناودەبرا ، بەرهەمەكەی دانتیش لەناخۆشیەوە بەرەو خۆشی دەڕوات )) (حوسێن : مولود ،٢٠١٨ ،٣١١) . ئەم داستانەش لەسەر هەمان ستایل كاری كردووە ، بۆیە ئەو سەردەمە بەچاوێكی بەرز بەبێ كەموو كوڕی سەیر كراوە ، بۆیە بۆكاشیو ئەم نازناوەی پێ بەخشیوە . خۆشەویستی دانتی بۆ زمان و نەتەوەكەی وای كردووە بیرۆكەی برەودان بە شێوەزاری لای دروست ببێت.

**كتێبەكەی دانتی لەسێ بەرگ پێكهاتووە :-**

| | | |
|---|---|---|
| inferno | دۆزەخ | ٤٧١٠ |
| purgot | پاكژگە (بەرزەک ) | ٤٧٥٥ |
| paradise | بەهەشت | ٤٧٥٨ |

كۆمیدیایی دانتی بەگەورەترین شاكار دادەنرێت ((كە دوور لە توندوتیژ و شەڕانگێزی لە سەر بنەمای بەهای مرۆیی وسیاسی نووسراوە تەوە ، دژی دەسەڵات و پیاوانی ئاینی ئەوكاتی كلیسەكان بوون كە دەسەڵاتیان گرتبووەبەر خەڵكیان دەچەوساندەوە ئەم شاكارە هاتە بەرهەم )) ( یوسف ،٢٠١٣ ،١٤) . دانتی بە هەموو هێوربوونەوەیەكی هزری كۆمیدیایەكەی نووسیتەوە ، بەچاوی ڕەخنە لەدەسەڵاتی ڕوانیبوە .

( داستانەكە خۆی لە ١٤٢٣٣ دێر پێكهاتووە ، كۆی داستانەكە بەهەرسێ بەشەوە (٩٩) سروودە لەگەڵ پێشەكیەكی گشتی بۆ كۆمیدیایەكەی، بەپێشەكییەوە دەبێتە (١٠٠) بەش ئەمەش ئاماژەیەكە بۆ ئەوەی كەكتێبەكە ، كتێبێكی پوختە و نیشانەی بەرزی كتێبەكە نیشان دەدات. هەربەشێكی لە (٣٣) سروود پێكهاتووە . بەشی یەكەمیشی پێشەكیەكەی لەگەڵەدایە بوویتە (٣٤) سروود) .(حوسێن: مولود ، ٢٠١٨ ،٢١١-٢١٢) . بۆكاشیۆ دەڵێت: (( دانتی سەرەتا شیعرەكەی بە كێشی شەشی لاتینی دەستپێیكرد ، بەڵام دواتر بۆ كێشی ئیتالی گۆڕی، تازۆرترین خوێنەر سوودی لێوەربگرێت ، ئەمەش زیاتر پەیوەندی بەهەستی نەتەوەیەوە هەیە )) (س.پ ، ٣١٢) . بنەمای دروست بوونی ئەم بیرۆكەیە بۆ بابەتی نەتەوەیی دەگەڕێتەوە، بۆیە دانتی وڵاتەكەی خۆی بەدۆزەخ دەچوێنێت .

ئەگەر سەیری بەرهەمەكەی (ئەڤین ئاوی ژیانە )ی مەهاباد قەرەداغی بكەین ، لەسەر بەرگەكەی و لە دیوی ناوەوە نووسراوە رۆمان . پێشكەشی بەئاشقانی ئەنفالی كردووە . (( بەهەموو ئەو لاس و خەزالانەی كە قەدەرێكی قەترانی بەدابڕان پێشوازییان لە ئەڤین كرد و بەكارەسات كۆتایی پێ هێنان پێشكەشە)) (قەرەداغی ،ب .س ، ٥ ) . لە سەربەرگەكەی شوێنی چاپ ، چاپخانە و ساڵی چاپكردنی تێدا نەنووسراوە ئەگەر چی لەهەندێ شوێندا بەتایبەتی لەپێگە ئەلكترونییەكاندا ئاماژە بەساڵی چاپیان كردووە ، دەیگەڕێنەوە بۆ ساڵانی نەوەدەكان ، بەڵام خۆی نووسەر لە كۆتایی نووسینەكەیدا نووسیویەتی ٢٠/ ٢٠٠٤/٤ تا ٣٠/ ٤/ ٢٠٠٤ ستۆكهۆڵم سوید ، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت ساڵی نووسینەكەی بۆ ٢٠٠٤ دەگەڕێتەوە . ئەم نووسینە ئاماژە بۆ ئەوە دەكات تەمەنی لە دایک بووی دەقەكە (١٠) رۆژی خایاندووە . رۆمانە شیعریەكەی لە (١٢٤) لاپەرە پێكهاتووە، كە بریتیە لە پێشەكیەک كە بە پەخشان نووسراوە ، جگە لە پێشەكی لەسێ بەش پێكهاتووە، بەشی یەكەم : بەناوی وێستگەی یەكەم (ژوانێك لە دۆزەخ) ، بەشی دووەم : بەناوی وێستگەی دووەم (كەناری دۆزەخ) ، دوا وێستگەش بەناوی (دووركەوتنەوە لەهەسارەی دۆزەخ )ە . هەریەك لەمانە ناوەڕۆكێكی تایبەت بەخودی خۆی هەیە .

## ٢-٢. وێنەی دۆزەخ لە (كۆمیدیا ) ی دانتیدا :

كۆمیدیای دانتی بەرهەمێكە زیاتر ڕەگێكی ئاینی بەخۆیەوە گرتووە ، بەڵام كاتێك لە دەقە كە ڕادەمێنێن، خۆی دەخزێنێتە بارێكی دی . ئەویش دۆخێكی سیاسی ونەتەوەیی بەدەقەكەوە دیارە .

ئەوبەشەی ئێمە كاری لەسەردەكەین بەشی یەكەمە كە بە ناوی دۆزەخە، سەرچاوەی كاركردنم لە سەر كتێبەكەی دانتی، كە لەلایەن د. عەزیز گەردی بۆ زمانی كوردی وەرگێردراوە، لەگەڵ سەرچاوە عەرەبییەكەی كە لەلایەن (د.حەسەن عوسمان ) بۆ زمانی عەرەبی وەرگێردراوە

دانتی دەڵێت :

كە گەیشتمە داوێنی چیایێ

لەكۆتایی ئەو دۆڵ و نیهالەی

ترسی خستە دڵمەوە ( گەردی ،٢٠١٥، ١٩)

چیا ڕەمزی خۆڕاگری وهێزە و سەركەشییە ، بەڵام دانتی دەڵێت : داوێنی چیا بەبەكارهێنانی وشەی داوێن بیرۆكەكە پێچەوانە دەبێتەوە ، پاشان دانتی وشەی ( دۆل و نیهال ) بەكاردەهێنێت، لەپاڵ ئەو هەموو ئاماژەیە وشەی (ترسی ) دەخاتەڕوو .لێرەدا ئەو هەموو داڵە دەكرێت ئاماژەبێت بۆ مەدلولی دۆزەخ هەروەك (( مەبەست لەدۆڵ و نیهال ، گوناە و خراپەیە ،كە مرۆڤ بەرەو خوارەوە، بەرەو ناخی دۆزەخ دەبا)) (گەردی ، ٢٠١٥ ،٢٥) . مەرج نییە دانتی ناوی دۆزەخ بە ئاشكرا بەكارهێنابێت . سروشت لەگەڵ ئەو هەموو جوانی و ئارام بەخشییەوە كە هەیێتی بۆ دۆزەخ خواستراوە ، لەگەڵ پەیدابوونی بوونی یەكەم مرۆڤ و مرۆڤایەتی لەسەر خواردنی یەك سێو زەوی بووەتە دۆزەخ ، لە بەهەشتدا دایكە حەواو باوكە ئادەم دەركران. یەكەمین كاری سز او پاداشت پەیدابوو. ئەو ئاژەڵانەی لای دانتی ناوی هاتووە و لەكۆمیدیایەكەی بەكاریهێناوە بە مەبەست بووە. هەریەك لەم ئاژەڵانە واتای تایبەت بەخۆی هەیە، واتە هەریەك لەم داڵانە مەدلوولی خۆی هەیە هەروەك دانتی دەڵێت :

ڕێی خۆم لەسەر كەناری چۆڵ گرتەوە بەر،

پێی توندم هەمیشە لەوەی دی نزمتربوو .

بەڵام لەدەستپێكی هەورازەكەدا

پڵنگێكی سووك و چاپووكم بینی ل٢٠

پڵینك هەردەم بە ئاژەڵێكی درندە ناسراوە ، بەڵام لای دانتی وەك ڕەمزە بەكارهاتووە .پلینگ و شێر لە ناو ئەدەبدا بە ڕەمزی ئازایەتی و هێز دادەنرێت ،كەچی دانتی جگە لە پڵینك ناوی چەندین ئاژەڵی درندەی وەك شێر و دەڵەگورگیش دەهێنێت . دەڵێت:

ئومێدم بەو جانەوەرە تووكبۆرە پەیداكرد،

بەڵام ئومێدەكەم ئەوەندە نەبوو

بەبینینی ئەو شێرەی لێم پەیدابوو ، ترس دامنەگرێ

هەستم كرد شێرەكە بەرەو رووم دێ :

سەرقیت ، شێت وهار لەبرسان ،

دەتگوت دونیای دەوروبەری لەگەڵ دەلەرزێ .
دەڵە گورگێکیش ، کە دەتگوت بەو لاوازییەی خۆی
گیانی پڕ ئاڵۆش و ئارەزووەو
زۆر کەسی تووشی کڵۆڵی کردووە .     (دانتی، ٢٠١٥ ، ٢٠ )

لەم وێنەیەدا ناوی ئەم ئاژەڵانە بە ئارەزووی نووسەر نەهاتووە ، بەڵکو وەکو هێما و ئاماژە بەکارهێنراوە . دەلە گورگ هێمایە بۆ دەسەڵات وحوکمرانی ئەو کاتی ئیتالیا کە کەوتبوونەتە گیانی خەلکی هەژار و رووت و برسیی ، دانتی هەندێ تێروانینی خۆی بەرامبەر بەسیاسەتی ئەوکات دەخاتە ڕوو ((گەل بەهاکەی لەبنیاتنانی دەوڵەتدایە ، ئەوەی بۆ گەلە بۆ میرو خاوەن دەسەلات نییە ،بەڵکو خاوەن دەسەڵات بۆگەلە ، گەلیش بۆ یاسا نییە ، بەڵکو یاسا بۆ گەلە ، پاشاو فەرمانڕواکان خزمەتکاری گەلن )) (دانتی، ١٩٥٥ ، ٥٣) .دانتیش کاری لە سەر سێ ئاژەڵ کردووە (( ئەم سێ جانەوەرە بەرامبەر سێ بەشی دۆزەخ دەوەستن)) (گەردی ، ٢٠١٥، ٢٦) .

دانتی دەڵێت :
بەڕوویەکی خوش ورەی بەرز کردمەوە
شتگەلێکی نهێنیی بۆ باس کردم
گریە وهەنسك ونالەی بەرز
لەئاسمانی بێ ئەستێرەدا  دەنگی دەدایەوە .
زمانی جیاواز و قیژەی توقێنەر،
ئاخو ئۆخی ئازار و نرك و هۆڕی تووڕەیی

دانتی ئاماژە بەدنیای ئەو دیو دەکات ،کە نەهێنیە کەس پێ نازانێت چ دەگوزەرێت . لەگەڵ ئەوەشدا باسی تاریکی ناو دۆزەخ دەکات ئاماژە بەوە دەکات ، کە لە دۆزەخدا زمانی جیاوازو نەتەوەی جیاوازیشس هەیە . هەروەك لەبەشی یەکەم ئاماژەمان بە بەبوونی دۆزەخ وبەهەشت لەشارستانییەکۆنەکاندا لەگەڵ ئایینە ئاسمانییەکان و نائاسمانییەکان کرد . بۆیە لێرەدا دانتی ئاماژە بە زەمەنی جیاواز و نەتەوەی جیاوازش دەکات .

دانتی دەڵیت :
ئەی خانمی پاکیزە ، کەوا دەکا
ڕەگەزی مرۆڤ لەهەموو شتەکانی ژێر ئاسمان تێپەڕێ
کە ئاسمان بچووکتری تێدایە          ل ٣٨

پاکیزەیی هێمایە  بۆ حەزرەتی مەریەم ،بەڵام دانتی بۆ بیاتریچی خوشەویستی خواستووە ، لەگەڵ ئەوەشدا دانتی لەم کۆپلەیەدا هێمایەکی دی خواستراو دەخاتە ڕوو ، ئەویش وشەی ژێر ئاسمانە واتا هەسارەی زەوی . دانتی لە کۆمیدیایەکەیدا لەگەڵێك شوێنی تردا ڕاستەوخۆ ناوی زەوی ناهێنێت ، بەڵکو بەشێوازی هێما ناوی دەهێنێت  . لای دانتی زەوی ئەو شوێنەیە کەچەندین ناپاکی وتاوان وسزا تێدا ئەنجامدەدرێت . لەگەڵ هەسارەی زەوی ناوی چەندین هەسارەی تریش دەهێنێت . ((دانتی بەپێی بۆچوونی بتلیموس باسی مانگ دەکا. بەو پێیە نۆ ئاسمان لەدەوری زەوی هەن ، ئەمانەن : (مانگ ، عەتارد ، زوهرە ، ڕۆژ ، مریخ ، مشتەری ، زوحەل ، ئاسمانی ئەستێرەی چەسپاو و ئاسمانی ئەستێرە گەڕۆکەکان )) (گەردی ،٢٠١٥ ، ٤٤) . هەریەك لەم هەسارانە تایبەتمەندی خۆی هەیە .

## ٢-٣. وێنەی دۆزەخ لە ئەڤین ئاوی ژیانەی مەهاباد قەرەداغیدا :

وێنەی دۆزەخ لای مەهاباد لە هەموو شارستانییەتەکان و ئایینەکاندا جیاوازترە ، دۆزەخ ئەو شوێنەیە کە مرۆڤەکان هەر لە دایك دەبن فرچکی پێوە دەگرن ئەویش ئەو خاکەیە کە تێدا لەدایك دەبن ، مەحاڵە مرۆڤ شوێنی لە دایك بوونی خۆی بە دۆزەخ بچووێنێت، کاتێك شاعیر بیرەوەریەکانی خۆی دەگێڕێتەوە ((بیرەوەری دەتوانێ بەشێکی مێژووی کۆمەڵایەتی وسیاسی ئەو کۆمەڵگایەش بێت، مێژووی ژیان ئەوکەسەی کە دەینوسێتەوە ومێژووی ئەو قوناغ ودەوروبەرەش کەتێدا ژیاوە، ئەگەر بتوانێ وێنەیەکی دیاردەکانی ناو کۆمەڵگەی لەو قۆناغە گرتبێت بەدەستپاکیەوە بیانگەێنێت  )) (قەرەداغی، ٢٠٠٥ ، ٧). کتێبەکەی مەهاباد لە سێ بەش یاخود بڵین لەسێ  وێستگە پێکهاتووە . هەر سێ بەشی وەکو ناونیشان وشەی دۆزەخی تێدایە ،  بەڵام بەپێی واتا و چەمکی ناونیشانەکان (وێستگەی یەکەم: لەژێر ناونیشانی (ژوانێك لەدۆزەخ )دایە شاعیر کاری لەسەر دۆزەخ کردووە ، (وێستگەی دووەم : لەژێر ناونیشانی (کەنارێك لەدۆزەخ واتا بەرزەك ) و (وێستگەی سێیەم: دوورکەوتنەوە لە هەسارەی دۆزەخ) واتە بەهەشت   .


شاعیر پێشەکییەکەی بەشێوازی پەخشان نووسیوە ،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شێوازی نامەیی پێوە دیارە شاعیر دەڵیت:

شوێن :  ئورانۆس
کات  :  کەبیر لەتۆ دەکەمەوە ، هەمووکاتێک
نامەی ژمارە : هەزارویەک
بەناوی تۆی مەزن و میهرەبان
لاس گیان  - وێرای قووڵترین ماچ          (قەرەداغی ،٨)

شاعیر دوودڵی پێوە دیارە لەگەیشتنی نامەکەی ئایا لەهەسارەی ئۆرانوس ئەم نامەیە بە هەسارەی زەوی دەگات  یان نا ، دوودڵی شاعیر لەگەیشتنی نامەکە بۆ هەسارەی زەوی ، بۆ ئەو نا ئارامە دەگەڕێتەوە  کە لەهەسارەی زەویدا هەیە، چونکە دوژمنی میللەتی کوردی بە تەواوی  دەستیان بەسەر کوردستاندا گرتووە بەدڕندەترین شێواز مامەڵە لەگەڵ میللەتی کورددا دەکرد .

شاعیر نامەکەی بۆ دڵدارەکەی  دەنووسێت و دەڵێت: (( نازانم دەتوانم ئەم نامەیە تەواو بکەم یان نا ، ئەگەر بینێرم دەگاتە دەستت یان نا ، نازانم دەتوانم بۆتی بنێرم یان نا ................ ، بەڵام دەینووسم و، مەخابن کە دەبێ ئەدرەسی هەسارەی زەوی لەسەر بنووسم ولەوێش گەرەنتی ون نەبوونی ناکەم . ئەدرەسی هەسارەی سووری زەوی لێدەدەم، چونکە تۆ لەوێی، لە دۆزەخترین پنتی ئەوهەسارەیەدا نیشتەجێی . ئێستاش تەنها بوونی تۆ بەهەسارەی زەوییەوەم دەبەستێتەوە وام لێدەکات بیری دۆزەخ بکەم ، دەنا بۆ هەتا هەتایە ئورانۆسم دەکرد بەماڵ و ، لەنێوان ئۆرانۆس و ڤینوسدا هاتوچۆیەکی هەمیشەییم دەکرد . )) (قەرەداغی ، بێ ڕێکەوت ،٨-٩) . شاعیر لێکچواندنی لەنێوان زەوی و دۆزەخدا کردووە . هۆگربوونی شوێن پەیوەست نییە بەشوێنی نیشتەجێ بوون و شوێنی لەدایك بوون ، بەڵکو پەیوەستە بەئارام بەخشی . ئەو نیشتمانەی کە شاعیر تێدا لەدایك بووە ، بۆ شاعیر دۆزەخە نەك هەر دۆزەخ ، بەڵکو شاعیر پلەی باڵای پێ بەخشیووە دەڵیت لە دۆزەخترین پنتی ئەم هەسارە نیشتەجێی . شاعیر لەکوردستان لەدایك بووە ، کوردستان بۆ شاعیر وهەزارانی وەك شاعیر دۆزەخ ئاسا بووە (( ئەگەر ساڵەکەی زیندانیم بە دۆزەخ ناوبرد ، مانای ئەوەنییە دەرەوەی زیندان بەهەشتە بووە . کاتی کە من ئەندامی گەلە کۆیلەی ڕژێمی داگیرکەر بێت  )) (قەرەداغی ، ٢٠٠٥ ، ١٩٣). ئەوەی شاعیر لەم دەقەدا دەیخاتە ڕوو ، کە سەدان لاوو پیر وئاشقانی وڵات بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوون و بەرە و باشوری عیراقیان بردوون کە دۆزەخی ژێر زەمینەکانیان بەچاوی خویان بینیووە ، سەدان لاو پیر وژن ومنداڵی وعاشقانی کوردستان لەم وڵاتە زیندە بەچاڵکراون هەزاران حەزو

ویستیان لەژێرگڵ نراوە . شاعیر خوشەویستی تاکی بەستۆتەوە بەخۆشەویستی گشتی. شاعیر ئەوەندە ئازارو میحنییەتەکانی زۆر بووە، بۆیە بەدوای شوێنێکی ئارام دەگەڕێت . ر ناچارە پەنا بۆ هەسارەکانی تر ببات تاکو ئارامی تێدا بدۆزێتەوە . شاعیر هەساری ئۆرانووسی هەڵبژادووە ، هەسارەی ئۆرانوس لەناوی خوداوەندی ئاسمانەکان و لای گریکەکان و ڕۆمانەکان بەوە ناسراوە کە زۆر هێمنە بەنزیکی (٨٤) ساڵ بەدەوری خۆردا دەسورێتەوە ، ئەم هەسارەیە پێشووتر نەناسرابوو، ژینگەکەشی بۆ ژیان شیاو نییە ، بەڵام شاعیر بەشوێنێکی ئارام خۆشی دەزانێت بەبەراورد لەگەڵ ئەو شوێنەی کەتێدا لەدایك بووە یاخود بڵێن هەسارەی زەوی ، زەویش تەسککراوەتەوە ئەویش کوردستانە . شاعیر لە پەسنی دۆزەخدا زۆر کارامەو لێهاتووە ،خوێنەر زیرەك ئیتر درك بەوە دەکات کە مەهاباد لەپەسنی ( دۆزەخ) دا کارامەیە ، بەڵام کەدێتە سەر بەشی سێیەم دوورکەوتنەیە لەهەسارەی دۆزەخ لە پەسنیکردنیدا ئەو بڕشت و هێزو توانایيەی نامێنێ. ئەوەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی ژیانی پڕ بووە لەکولە مەرگی وئازار چەشتن .



وێنەی ژمارە (١ )

بیرۆکەی کارکردنی شاعیر دەگەڕێتەوە بۆ(( سیبانەی پیرۆز (الثالوث القدیس) ئەم سێ یەکەیە پەیوەندییەکی تەواویان بەیەکەوە هەیە )) ( بغدادی ،٢٠٠٩، ٢٠) . دیسانەوە شاعیر دەڵێت: (( تکایە ئەم قسەیەم وەك گلەیی لێ وەرمەگرە ، چونکە مەحاڵە دڵم بێت گلەییت لێ بکەم . تێگەیشتنم هەیە بۆ ئەو دۆخە دۆزەخییەی کە تۆی تێدای . ئاخر لە زەویت و زە ویش جەنجاڵترە لەدۆزەخ ) ) (قەرەداغی ، بێ ساڵ ، ١٠ ). دیسانەوە شاعیر زەوی بە جەنجاڵتر لە دۆزەخ لە قەڵەم دەدات . ئەو بارودۆخەی شاعیر وخەلکی کوردستان تێدا دەژین ، بۆیان دۆزەخ ئاسایە ، بۆیە بەدۆزەخی دەچووێنێت .

وێستگەی یەکەم بە ناوی( ژوانێك لە دۆزەخ) ە ناونیشان دەلالەتێک بووە بۆ گەیشتن بەڕووداو، دەلالەتی گوزارشتکردن لەو بیرۆکەیەی کە ناوونیشان دیاری دەکات، وەک کەندەلانێک گەمە بە ڕوانگەکانی خوێنەر دەکات و وای لێدەکات کە هاوسۆزی ئەو جۆرە هەڵوێستانە بێت، چونکە ناوونیشان بیرۆکەیەکی کورتکراوەمان دەداتێ .سەرەنجی خوێنەر بۆخۆی کێش دەکات.

ئەگەر ناوونیشان نێوەندێکی نێوان دووجیهان بێت، جیهانی نووسەر و جیهانی خوێنەر، یان لەنێوان جیهانی واقیع - ژیان و جیهانی دوور ئەوا خوێنەر ڕۆدەچێتە هەناوی ماناوە . شاعیر وشەی ژوانی بەکارهێناوە، ژوان واتا بەیەك گەیشتن یاخود بەواتای چاوپێکەوتن دوو کەس دێت ، بەپێی شیکردنەوەی دەقەکە واتا چاوپێکەوتن یان بە یەگەیشتن هاتووە. شاعیر دەڵێت : ((پەڕ پەڕ ڕۆژ ژمێری تەمەن دەکەوتە ناو دۆزەخی کارەساتەوە ، خۆڵەمێشی تەنکتر لەپەڕەی گوڵی تەمەن با دەیهێنا و دەیبرد دوکەڵی پەڕەی سوتاوی عومری خۆمان هەڵدەمژی )) (قەرەداغی ، ٢٣) . لەم وێنە شیعریەدا وێنەی دۆزەخ زۆر بە ئاشکرا بەستراوەتەوە بەکارەستاتە دڵتەزێنەکانی میللەتی کورد ، شاعیر پەڕەکانی ڕۆژ ژمێری تەمەنی تاکی کورد دەکەوێتە ناو دۆزەخ شاعیر ناڵێت کەوتۆتە ناو دۆزەخی کارەسات ، بەڵکو دەڵێت دەکەوتە. کاری دەکەوتە کاری ڕابردووەوە شاعیر بۆچی بەشێوازی کاری ڕابردوو دەدوێت ، مەرگەساتەکانی میللەتی کورد لەو خاڵەوە دەست پێدەکات ، ئەگەرچی ئاوڕێك لەپەڕەی ڕۆژ ژمێری شاعیر و هەموو میللەتی کورد بدەینەوە مێژوویەکی تاڵو پڕ لەکارەستانی هەیە ، بەڵام ئەو کارەساتە مەرگەساتاویەی ئەنفال جەرگبرترین کارەستانە ،کە مرۆڤ بە زیندوویی زیندە بەچاڵ بکرێت . بۆ ناونیشانی وێستگەی یەکەم، کە بە ناوی (ژوانێك لەدۆزەخ ) ە .کەچی شاعیر لە هەرسێ بەش وشەی دۆزەخی بەکارهێناوە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوەکانی میللەتی کورد ، ئەگەر چی ڕابرووی میللەتی کورد پڕ لە ئازارو میحنەتییە ، بەڵام هیچ کارەساتێك هێندەی کارەساتی ئەنفال و کیمیاوی باران کاریگەرتر نەبووە. لەم قۆناغەدا کارەساترین کارەساتە ، پاشان شاعیر لێکچواندنێك لەنێوان خۆلەمێش وپەڕەی گوڵ دەکات هەردووکیان ناسك ونەرمن ، کاتێك جەستەی مرۆڤەکان دەسووتێت دەبێت بەخۆلەمێش ، پەڕەی ژیانیش هاوشێوەی ئەم دووەن، هەروەك ئەم خۆڵەمێش وگوڵە ناسکتر و تەنکترە .

کارەسات لەدوای کارەسات تووشی میللەتی کورد دەبێت نەهامەتییەکان ڕۆژ بەڕۆژ گەورەتر و بەهێز تر دەبێت . ئێستای شاعیرئارام ترین کاتە، دەتوانین بڵێن کاتی نووسینی ئەم دەقە پاش ڕاپەرینە و ژیانی شاعیرو میللەتی کورد لەژێر چەپووکی دوژمن نەماوە وئازادە . لەوێنەیەکی تردا شاعیر دەڵێت :

کات : حەوت هەزارو سێسەدو دەیەم ڕۆژ یادی یەکترپناسین

شوێن : ئاتەشگە، یان زەمهەری دۆزەخ

دیاریکردنی کا ت و شوێن لە ناو ئەم دەقە دا بەسانایی خۆی نادات بەدەستەوە ، گەڵێك بیرۆکە لای خوێنەر دروست دەکات ، شاعیر لەناو دەقەکەیدا چەندین کودی بەکارهێناوە ، بۆ دۆزینەوەی کۆدەکان ، ڕەنگە خوێنەر ماندوو بکات . شاعیر بە مەبەست کاری لەسەر کۆد کردووە بۆ ئەوەی خوێنەر هەوڵ بدات بەدوای دۆزینەوەی کۆدەکان بگەرێت .کلیلی دۆزینەوەی کۆدەکان خوێنەر تووشی تێرامان دەکات ئاخۆ بۆ ئەو کۆدە ، دۆزینەوەی کۆد پەیوەندی بە پاشخانی ئەدەبی خوێنەرەوە هەیە ، ئەگەر بێت ئەو حەوت هەزارو سێسەد و دە ڕۆژ دابەشی سێسەدو شێست وپێنج ڕۆژ بکەین ، ئەوە ژمارەی بیست دەردەچێت ، ئەوە ڕێگایەکە بۆ ئەوەی بگەین بە ڕاستییەی کەوا شاعیر بیست ساڵ دوای ڕووداني ئەنفال ئەودەقەی نووسیووە ، کەواتە ڕووداوەکە وەکو مۆتەکەیەك بەدوای نووسەرەوەیە ، شوێن : ئاتەشگە ، یان زەمهەری دۆزەخ . شوێن ئاتەشگە،کە شوێنکی پیرۆزی بتپەرستانە ، یان زەمهەری دۆزەخ . زەمهەریر وەکو ناو بە واتای ساردیەکی زۆردێت هاوەڵناوە پەسنی شوێن دەکات لە قورئانی پیرۆزدا لەسورەتی الانساندا هاتووە (( لایرون فیها شمسا ولازمهریرا )) (ئایەتی ١٣ ) . زمهریر ئەگەر وەکو کار بەکاربێت بۆ سووربوونەو تورەییش بەکاردێت. گەرمیان شوێنی لەدایك بوونی شاعیرە ، شوێنی لەدایك بوون لای تاك پیرۆزترین شوێنە ، ئەم شوێنە بۆ شاعیر و سەدان خەڵکی ئەم شوێنە بووەتە زەمهەری دۆزەخ ، لەم دەقەدا واتا تووڕەیي و سووربوونەوە دێت . دۆزەخ شوێنی گوناهکارانە ،

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp28-36

گونهکارانیش بەتوندترین سزا ،سزای وەردەگرنەوە . دوو دڵی شاعیر بەرامبەر بەگەرمیان خراوەتە ڕوو، ئایا ئەو شوێنە پیرۆزە بۆ بووەتە زەمەری دۆزەخ ،ئایا خەڵکی گەرمیان تاوانبارن سزای تاوانی خۆیان وەردەگرنەوە ؟. لێرەدا چەندین گومانی تر خۆی مەلاس داوە .

شاعیر دەڵێت : یارە ، کێ ناڵێ ئەم چاڵی دۆزەخە

لەسزای خواردنی ئەو قومە سێوەوە نەبوو بەچارەنووس

کێ ناڵێ ئەو نەبوو کە سوێندی لێ خواردین ؟

کێ ناڵێ ئەم گوللەبارانەی کە دووشی پێکردین لەم حەمامە گەرمە

سزای تامی سێوە لا سوورەی بەهەشت نییە (قەرەداغی ، ٤٣)

بەپێی هەندێ لەبیروباوەڕە ئایینەکاندا دۆزەخ چاڵێکی گەورەیە، حەوت چینی هەیە و ئاگرێکی بە گوڕی تێدایە گوناهباران سزای خۆیان تێدا وەردەگرنەوە . شاعیر بەدوو دڵیەوە دەڵێت کێ ناڵێت بە خواردنی ئەو سێوەی کە باوکە ئادەم خواردوویەتی لەبەهەشت دەرکراوە ئەم سزایە لەوێوە سەریهەڵنداوە ، ئەگەر ئەوکات ئەو گوناهە نەکرابووایە ڕەنگە ئەمرۆ ئەوچاڵە گەورەیەی بۆ تاکی کورد و کۆمەڵگای کوردی هەڵنەدەکەنرا و زیندەبەچاڵ نەدەکران پەیدابوونی سزا لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤایەتی سەریهەڵداوە باوکە ئادەم بەقسەی دایە حەوا سێوی بەهەشتی خواردووە لەپاڵ کردنی ئەو کردەوەیە سزا دراون لەبەهەشت دەرکراون .

شاعیر گومان دروست دەکات، ئایا هەموو ئەو ناوچانەی کەوا کوردنشین و تاوانیان کردووە و سەرپێچی فەرمانەکانی خودای باڵا دەستیانکردووە؟ ، یان ئەوە چارەنووسی میللەتی کوردە لە ئەزەلەوە فرچکی بە سزاوە گرتووە؟ ، میللەتی کورد تەنیا تاوانی ئەوە بووە کە کورد بوون ، کوردبوون تا سەردەمانێك دەتوانین بڵێین تاکو ڕاپەڕین بە تاوان هەژماردەکرا ، بەڵام بۆ بەردەوامی بوونی کورد بوون و زیادکردنی تاکی کورد خوای گەورە نێر و مێ و منداڵێکی لەو چاڵانە ڕزگارکردووە .شاعیر سوود لەچیرۆکی حەزرەتی نوح سڵاوی خوای لێبێت وەرگرتووە . ئەویش (لاس وخەزاڵ وسێوە) ن . کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانە شیعرییەکەن . شاعیر لەهەندێ شوێندا ئاماژە بەوێنەی دۆزەخ دەکات بە بێ ئەوەی ناوی دۆزەخ بهێنێت . شاعیردەڵێت:

یارە ،

لە کوێ بووی ئەو کاتەی

من هەنگاوم لەناو لمەکان چەقیبوو

لەکام ژێر زەمینی زیندانەوە قیژەت

وەکو بروسکە دەروونی منی دەسووتاند

من هەموو جەستەم بوو بووە دوو گوێ وتەنها قیژەم دەبیست .

من هەموو بوونم بوو بووە دوو بینایی و جگە لە لم و ونبوون ،

هیچی دیکەم نەدەبینی . ( قەرەداغی ، ٥٠ )

بوونی وێنەی ڕۆژی دوایی لە هزری هەمووتاکێکدا هەیە . لای نووسەریش بوونی بیابانەکانی عەرعەر وێنە و هاوشێوەی دۆزەخ ئاسا بووە ، هاوار و قیژەی مرۆڤەکان، دەروون و ویژدانی مرۆڤایەتی دەسوتاندوو دەیکرد بەخۆڵەمێش ، ئەستەمە مرۆڤ لەبەردەم ئەم دیمەنە خۆی ڕابگرێت ، کەس لە ئێمە دۆزەخی نە بینیوە ، بەڵام وێنەی دۆزەخ لەهزرماندا بوونی هەیە . هەموو شتێکی ناخۆش و ترسناك و هەموو شتێکی قووڵ و تاریك یان ئاگر بە دۆزەخ دەچوێنین.

شاعیر دەڵێت : هیچ گوناهێ هێندەی ئەڤین مەزن نەبوو

هیچ سزایەك هێندەی سزای ئەو گوناهە سەخت نەبوو ،

یارە، لەکتێبێکی کۆن کۆندا

کە لەحەوتەمین چینی کتێبخانەیەکی ڕەنگ ئاسمانی

خواستبووم و دەمخوێندەوە .

هەموو دەستە خوشکەکانی خۆم دەبینی چۆن لەناو گڕی دۆزەخدا

بەبێکەسی هەڵدەقرچێن . ( قەرەداخی ،٧٣)

هیچ گوناهی هێندەی ئەڤین مەزن نەبووە ، بەپێی ئایینەکەکان ئاماژە بەخۆشەویستی وتەبایی ویەکرێزی دەکرێت ،کە یەکێکە لەبنەما هەرە پتەوەکانی ئایین، بەڵام لەم دەقەدا ئەوە پێچەوانە بوویتەوە، سزای ئەڤین وخۆشەویستی بەراوود بە گوناهەکانی دیکەدا لەهەموویان سەختربووە . سزادانی خەڵکی بێتاوانی کوردستان ئاخۆ چ گوناهێکی بێت بەو شێوازە زیندەبەچاڵ بکرێن و بەتووندترین شێوە سزابدرێن، شاعیر هەموو هاوەڵەکانی خۆی دەبینێت لە ناو دۆزەخ دەسوتێن . ئایا سزای خۆشەویستی وتەبایی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی تاوان بووە تا هێندە سزاکانیان سەخت بێت . شاعیر لەکۆتایی کوپلەکەدا دەڵێت : هەموو دەستە خوشکەکانی خۆم دەبینی لەناو گڕی دۆزەخدا بەبێکەسی هەڵدەقرچێن . بەبێکەسی خواستراوە بۆ میللەتی کورد ،کەکەس خۆی بەخاوەنی نازانێت ، ڕژێمی ئەوکات بەئارەزووی خۆی یاری بەچارەنووسی میللەتی کوردی دەکرد. تێمەی وێنەکە ؛ تێمەیەکی سیاسییە .

لەوێستگەی دووەمدا (بەناوی کەنارێك لەدۆزەخ) گرنگی ناوونیشان لەوەدایە کە لە هزری وەرگردا دەمێنێتەوەو بەزینیەوە دەنووسێت، بەتایبەت کاتێ سادەو شەفاف و سەرنجراکێش و چڕکراوەبێ، هەر بۆیە نووسەر هەوڵدەدات ناوونیشانەکانی کاریگەربێت، کە لە هزرو زماندا خۆی نیشان بدات .

لەسەرەتای نامە نووسینی شاعیر دوو دڵی پێوەدیار بوو، بەڵام لەم وێستگەیەدا دوو دڵیەکەی شاعیر تەواو دەبێت لاس وەڵامی خەزاڵ دەداتەوە و دەڵێت :

خەزاڵەکەم، هەرلەیەکەم دڵۆپی ئەو بارانە

کە قەترە جیوەییەکانی

حەوزی هەناویان پڕکردم لە پزیسك و ،

گریان بەردایە خەڵوزدانی هەستم

هۆشم گەیشتە دۆزەخ و هەستم لای دەنگت مایەوە .

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp28-36

ئەم داستانە خۆی پەرجووە

کێ بیستوویەتی شتی وا (قەرەداغی ، ٨٥)

لێرەدا پارادۆکسێکی وێنەیەی و هزری لە نێوان دڵۆپی باران و گڕ بەردانە خەڵوزدانی هەستم دا دروست بووە ، بەپێی کرداری فیزیکی و سروشتی بێت لەگەڵ بارینی باران کەش وهەوا فێنك دەبێت، لەم وێنەیەدا بیرۆکەکە ئاوەژوو بۆوەتەوە . شاعیر خۆشی ئاماژە بەو وێنەیە دەکات کە پەرجووە . هۆشم گەیشتە دۆزەخ و هەستم لای دەنگت مایەوە. کاتێك ئەو بێتاوانانەی کە دەخرانە چاڵەکانی باشووری عێراق لەم بیابانە دا وپاشان بەو لە گەرمەی کەدایان دەپۆشتەوە بە دۆزەخ پەسنی دەکەن ، وێنەی دۆزەخ لە مێشك وهزری هەرتاکێك لە ئێمە دا وێنەیەك تایبەت بەخۆی لای گەڵاڵە بووە ، ئەم هاوار هاوارەی خەڵکی ئەنفالکراو بە وێنەی دۆزەخ دێتە بەردیدو هزری . لەکاتی داپۆشینی خەڵکی ئەنفالکراوی کوردستان لاس وخەزاڵ بە پەرجوویەکی خودایە ڕزگاریان بووە. لاس وخەزاڵ وێنەی دووعاشقی کوردن شاعیر خواستوێتی بۆ هەموو ئەو عاشقانەی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوون .

دیسانەوەلاس دەڵێت:

لەبەر دەروازەی دۆزەخدا پێشوازی دەنگت نەبووایە

مەلەکووتی کراس ڕەشی مەملەکەتی ئاگر

دەیکردم بەکەڵەوژی دۆزەخ ( قەرەداغی ،٨٥)

لاس لەبەردەرگای دۆزەخ دەنگی شاعیر دەبیستێت ، دەی ئەگەر دەنگی تۆ نەبوایە ، ئەوا ئاگری دۆزەخیان بەمن خۆش دەکرد ، ئەمەش لێکدانەوەو وێنەیەکی یەکرێزی تاکی کورد دەخاتە ڕوو ، ئەگەر کورد خۆی یەکرێزی خۆی نەپارێزێت کەس نایێتە هاواری وفریادی بکەوێت میللەتی کورد لە ناخۆشی وتەنگانەکاندا ڕزگاربکات.

لەوێنسگەی سێیەمدا بەهیچ شێوەیەك باس لە دۆزەخ ناکرێت و ناونانی وێسگەکە ئەمە روون دەکاتەوە کە بەناوی (دوورکەوتنەوە لەهەسارەی دۆزەخ) ە . بۆیە لەم لێکۆڵینەوەدا وێنەی ئەم بەشەمان وەرنەگرتووە ، چونکە سێوە لەهەسارەیەك دەژین پێچەوانەی هەسارەی زەوییە ، بەهەشت ئاسایە .

**ئەنجام :**

لەکۆتاییدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە :

١- وێنەی دۆزەخ لەکۆمیدیایەکەی دانتیدا بەشێکی بۆ تەرخانکراوە ئەویش بەشی یەکەمە ، بەڵام لەدیوانی ئەڤین ئاوی ژیانەی مەهاباد قەرەداغیدا دووبەشی بۆ تەرخانکراوە بۆ نموونە (ژوانێك لەدۆزەخ ، کەنارێك لەدۆزەخ ، دوورکەوتنەوە لەهەسارەی دۆزەخ ) . شاعیر لە بەشی یەکەم و دووەدا لەپەسنی دۆزەخدا زۆر بەجوانی وبەوردی و وێنەی دۆزەخمان نیشان دەدات . شاعیرلەوبەشانەی کەتایبەتن بەدۆزەخ زۆرکارامەو ولێهاتووە ، بەڵام لە بەشی سێیەم بە پێچەوانەی بە هیچ شێوەیەك باس لەدۆزەخ ناکات ، بەڵکو باس لەهەسارەی ڤینوس دەکات کە سێوەی کچی تێدادەژێت ، ئەویش بەهەشت ئاساییە .

٢- وێنەی دۆزەخ لەکۆمیدیایەکەی دانتی بە دەسەڵاتی ئیتالیاوە بەستراوەتەوە ، دانتی پەسنی ئیتالیا دەکات ،دژی دەسەڵات دەدوێت ، کە دەسەڵاتی ئەوکاتی ئیتالییەکان کە چۆن میللەتیان چەوساندبووە ، حکوم لەدەست پیاوانی ئاینی بووە .

٣- وێنەی دۆزەخ لای مەهاباد بە کوردستان بەگشتی و گەرمیان بەتایبەتی بەستراوەتەوە ، چونکە شاعیر لەگەرمیان لەدایك بووە لە شوێنی لەدیك بوونیدا ئازارێکی زۆری چەشتووەو بەرشاڵاوی تعریب وئەنفال کەوتووە . ئەنفال بە سەرچاوە و تیمەی سەرەکی دەقەکەی دادەنرێت .

٤- دانتی باس لەسەفەرێکی ڕوحی دەکات سەرچاوەی بەهرەی وەرگیراوە ، بەڵام مەهاباد بیرەوەری خوێ و هەزاران عاشقی کوردستان دەگێڕێتەوە ، ئەوچاڵەی لە عەرعەرو نوگرە سەلمان بۆ تاکی کوردو کۆمەڵگای کوردی لێدرابوو دۆزەخ ئاسابووە .

٥- دانتی هەموو ئاستێك لەچینەکانی کۆمەڵگا لە دۆزەخ دەبینێت وەك فەیلەسوف ، سەرکردەوە.....، بەڵام لای مەهاباد هاوەڵەکانی دەبینێت ، هاوەڵەکانی مەهابادیش هاوشارو کوردستانیانن .

٦- مەهاباد قەرەداغی لەم ڕۆمانە شیعرییەدا سوودی لەکۆمیدیای دانتی و چیرۆکی ئیسراو معراجی بینیوە . لەلایەکی دیکەشدا سوودی لەنامەی هەزارو یەك شەوەی وەرگرتووە .

سەرچاوەکان:

قورئانی پیرۆز

ئابادانی ، عەبدوللا موبلغی (٢٠٠٢) . مێژووی ئایینی زەردەشـــت ، وەرگێرانی لەفارسییەوە ، وریا قانع ، سلێمانی .

ڕۆژبەیانی ، زاهیر(٢٠٠٨) . شـــیعریەت لەدەرەوەی شـــیعر ، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر.

حوسێن : مولود (٢٠١٨). ژانرە ئەدەبییەکان ، ناوەندی ئاوێر ، هەولێر.

حوسێن ، هێمداد (٢٠١٤). ڕێبازە ئەدەبییەکان ، چ٣، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات ،هەولێر.

شارەزووری ، مەحمەد مەلا فائق (٢٠١٠). دۆزەخ لەقورئان وفەرمووده صەحیەکاندا ، بێ شوێنی چاپ.

قەرەداغی ،مەهاباد (٢٠٠٥) .سالێك لەدۆزەخ ، دەزگای چاپ وبڵاوکراوەی ئاراس ، هەولێر.

قەرەداغی ،مەهاباد (ب .س) . ئەڤین ئاوی ژیانە ،بێ ڕێکەوت و شوێنی چاپ

گەردی ، عەزیز (٢٠١٥). کۆمیدیا ، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم ، سلێمانی.

خەزنەدار ،مارف (٢٠٠١) . مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەرگی یەکەم ،دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس ، هەولێر .

مینۆس ، جۆرجیس (٢٠١٤) . مێژووی دۆزەخ ، وەرگێرانی : هێمن مەهـدی نەقشبەندی ،چاپخانەی موکریان ، هەولێر.

بارندا، جفرى (١٩٩٣) . المعتقدات الدينية لدى الشعوب ،ت. امام عبدافتاح ،عالم المعرفة (١٧٣)،كويت .

بغدادى ، الدمشقى (١٩٨٨). التخوف من النار ، ط٢ ، بيروت.

بنوا، جورج (١٩٩٦).تاريخ جهنم ، ط١ ، بيروت .

بوجناح ، مصـــطفى (٢٠٢١) .عالم الجنة والخلود فى معتقدات بلاد الرافدين ومصرــ القديمة ، (د.م) .

دونكز , ريتشـــارد (٢٠٠٩)،وهم الالة، ت.بســـام بغدادى، منتدى الكتب العربية والمعربة،

زيدان ، ابراهيم شـــعيب (د.س). الايمان باليوم الاخر بين الفرق - دراســـة تطبيقية، قاهرة .

سيدة ، ابو الحسن على بن اسماعيل (٢٠٠٠). المحكم والمحيط الاعظم ، دار الكتب العلمية ، بيروت.

ميض ، سيرمحمد سعيد (١٩٩٢). اليوم الاخر فى الاديان السماوية والديانات القديمة ، دارالثقافة

اليجيرى ،دانتى (١٩٥٥). الكوميديا الالهية، ت. د. حســن عثمان (٢)، دارالمعارف ، قاهيرة .

يوســف ، على حســين (٢٠١٤) . اثر الاسراء والمعراج فى المعرى و دانتى , الحوار المتمدن , العدد ٤٣٩٨ .

.